دەزگای ڕۆشنبیریی شه فه ق - کەرکووک
بۆ تەمەنی ٩ تا ١٤ ساڵ
حوزەیران ٢٠١١
١٢

# حاجیلە

گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون
نەکەی بیدەی بە نێرگیز جاری گەردوون
حاجی قادری کۆیی



تاکە دۆلارێک لە نێوان ڕووپەرەکانی ئەم گۆوارەدایە ، تۆی ئازا ئەگەر دۆزیتەوە ، ئێمە خەڵاتێکت دەکەین.



## بێچووی ئاژەڵان

مـن زۆر حەز لە خواردنی میوە دەکەم، هەر کـە تـۆ پرتەقاڵێک بە دەسـتەوە دەگری و پاکی دەکەیتەوە و بۆنەکەی بۆم دێ ئیتر بە پەرۆشـەوە حەز دەکەم تامی ئەو پرتەقاڵە بکەم.

دەزانن کێ دایکمە؟

بـە دایکـم دەگوترێ بـەرازی هیندسـتانی یـان بـەرازی گینیـا guinea pig و هەر کاتێ خواردنـی خۆشـمان بدەنـێ لـە خۆشـییا قیژەیەکی بەهێز دەکەین.

ئا : زەریف



# گوڵزاری حاجیلە

## گوڵی فلامینگۆ
## flamingo flower



**دڵوار سلێمان – کەرکووک**

نیشتمانی ئەم گوڵە ناوچەکانی ئەمەریکای ناوەراست و باشوورە. لە وەرزی زستاندا بۆ ماوە شەش هەفتە پێویستە لە پلەی گەرمیی ١٥ پلەی سەدیدا راگیرێ و ژێری تا رادەیەک وشک بێ بۆ هاندانی بۆ گوڵکردن.
لە وەرزی گەشەکردنیدا پێویستە پلەی گەرمیی بۆ ٢٠ پلەی سەدی بەرز بکرێتەوە و بە تێری ئاو بدرێ. هەفتەی جارێک بە کەمی پەینی پێویستە. لە مانگی ئادار تا حوزەیران گوڵ دەکا.

## مێوی کەنگەر
## kangaroo vine



**شەم حەبیب – چەمچەماڵ**

زیدی ئەم رووەکە وڵاتی ئوسترالیایە. پێویستە لە شوێنی نیوە سێبەردا دابنرێ، لە رووی گەرماوە پێویستی بە گەرمییەکی مامناوەندی هەیە.
پێویستە لە ماوەی گەشەکردندا بەردەوام ژێری تەر بێ و لە زستاندا ژێری تا دەکرێ وشک بێ و باشترە لە شوێنی سارد دابنرێ.





## سیندا پسوس
## Scindapsus

**خولە کەچەڵ – قەرەهەنجیر**

ئەم رووەکە، رووەکێکی جوانکاریی تەمەن درێژە و، حەزی لە شوێنێکە کە رووناکییەکەی کەم بێت.
هەروەها جاروبار ئاوپرژێنێکی بەسە. لەناوماڵدا دیمەنێکی جوان و کەشێکی خاوێن دروست دەکات. بەکەڵکی خواردن نایەت.





**خێوەکەی ژووری ١٣**
**و**
**چەند کورتە چیرۆکێکی تر**

ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی **ئـاوا بەدران ئەحمـەد** کە بە زمانی ئینگلیزی نووسیونی و شاخەوان کەرکووکی کردوونی بە کـوردی بخوێنەرەوە ، تا تۆش ئـازا بی وەکو ئەو چیرۆک بنووسیت .

# هۆنراوە

## مەتەڵ

**عوسمان دەروێش – دووز**

دەیخوسێنن کوتی دەکەن
وەک تەسبیح داوی تێ دەکەن
مورووی شووشە یان زەنگیانە
بۆ جوانی لە نێوانیانە
دەیهۆننەوە دەنکە دەنکە
دەیکەنە مل وەک ملوانکە
بە بۆنی خۆش ناسراوە
لای مێینەی کوردا باوە
هەشت پیتە ئەم شتە جوانە
بیری لێ بکەوە و بیزانە

## قازە سپی



**ئەمین محەمەد – سلێمانی**

توتکە بازووی زیت و وریا
هەڵتوتکا بوو دەیگوت بریا
قازە سپی هاورێم دەبوو
بمزانیایا بۆ کوێ دەچوو
ئەوسا لەگەڵ بێچووەکانی
دەرۆیشتم بۆ مەلەوانی
لەپڕ قازیش هات قیرانی
دوای کەوتبوون بەچکەکانی
گوتیان وەرە توتکە بازوو
دەی با برۆین خێرابە زوو

## یاری

**عەلی حەمەرەشید بەرزنجی**

بەرخێک لە ناو سەوزایی
دەشـــــــتێکا بە تەنیایی
خـــەریکی گیا خواردن بوو
بێدەنگ دەهـات و دەچوو
هێندەی زانی لـــــە لاوە
کاریلەیەک وەســـــــتاوە
دڵخۆشـــــبوو بە دیداری
خێرا کـــــــەوتنە یاری



ڕۆشنبیری

## فەرهەنگی حاجیلە

بێلان - کەرکووک

**bath** باپ

بانیۆ، ئەو شتەیە کە پڕ دەکرێ لە ئاو و، مرۆڤ دەتوانێ لە ناوی دانیشێ و خۆی بشوا.

**bathroom** باث ڕووم

گەرماو، یان حەمام، ئەو ژوورەیە کە بۆ خۆشۆرین بەکار دێ بانیۆ یان شاوەری تێدایە.

**battery** باتری

پاتری یان پیل، ئەو شتەیە کە کارەبای تێدایە. پاتری دەکرێتە ناو شتگەلی وەک لایت و ڕادیۆ و سەعات و دەیانخاتە کار.

**beach** بیچ

کەنار، ئەو شوێنە وشکانییە کە لەگەڵ لێواری دەریادا جووتە. زۆربەی کات بە لم یان وردە بەرد داپۆشراوە.

**beak** بیک

دەنووک یان دەندووک، ئەو بەشە ڕەقەیە کە بە دەمی باڵدارانەوەیە. شێوە و ڕەنگی جیاوازی هەیە.

**bear** بێر

ورچ یان هرچ، ئاژەڵێکی گەورە و زەبەلاحە کە کەوڵێکی ئەستووری تووکنی هەیە، بە زۆری لەو شوێنانەدا دەژی کە ئاودارن.

## خێراترین تەڵە

ئامانج عەبدولڕەزاق - بەردەڕەش

لە ماوەی کەمتر لە یەک بەش لە هەزار بەشی چرکەیەک ڕووەکی (میزڵدان pitcher plant) کە شێوەی بە میزڵدانی مرۆڤ دەچێ، دەمی گەڵاکەی دادەخا بەسەر ئەو مێرووەدا کە چووەتە ناوی، ئینجا هەرسی دەکا و دەیتاوێنێتەوە. خواردنی ڕووەکی (میزڵدان) بریتییە لە مێش و مەگەز و، هەندێ جار مشک و خشۆکە بچووکەکانیش دەبنە نێچیری. ئەم ڕووەکە زیاتر لە ٢٠٠ جۆری هەیە و لە نێو ئاودا دەژی و خۆراکەکەی بریتییە لەو مێروانەی لە نێزیک و لە ناو ئاودا دەژین. خێرایی ئەم ڕووەکە لە گرتنی نێچیرەکەی بووەتە جێی سەرنجی زانایان بۆیە ناوی خێراترین تەڵەیان لێ ناوە.

## ناوی کچانەی نوێ

شارا ئەحمەد - دارەتوو

هەژان : بزوان جوڵان

شیکار: نێچیروان، سەیڤان

لێڤار : کنار، ڕۆخ

لەزگین : خێرا، پەلە

شێواز: ڕوخسار، شێوە

ژیڤان: ژیان، ژین

ژیلاڤ، کارا، کارزان

ڕابێژ: ڕاوێژ، پرس ورا

دادڤان: دادوەر، دادپرس



نیوداران

## لینین

شۆڕش سەعید - کەرکووک



ناوی تەواوی (ڤلادیمێر ئیلیچ ئۆلیانۆڤ)ە و بە (لینین) ناسراوە. لە ٢٢ی نیسانی ١٨٧٠ لە شاری سیمبێرسک (ئێستە پێی دەگوترێ ئولیانۆفسک) لە ڕووسیا لە دایک بووە و، ساڵی ١٨٩١ بڕوانامەی پارێزەریی وەرگرتووە و، لە تەممووزی ١٨٩٨ ژنی هێناوە (ناوی ژنەکەی نادێژدا کروپسکایا بوو). لینین لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٤ مرد.

لینین، شۆڕشگێڕێکی ڕووسە و پێشەوای حزبی بۆلشەڤیک و شۆڕشی بۆلشەڤیک بوو، هەروەها ڕێبازی لینینزمی لە سیاسەتدا داهێنا و دروشمی (نیشتمان و نان و ئاشتی)ی بەرز کردەوە.


لە ساڵی ١٩١٧دا دوای لێخستنی نیکۆلای دووەمی قەیسەری ڕووسیا، پێگەی خۆی لە نێو بۆلشەڤیکەکاندا بەدەست هێنا و دەستی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (پراڤدا) کرد کە بۆچوونە سیاسییەکانی لینینی بڵاو دەکردەوە.

لێنین لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٧وە تا ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٤ سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی گەل بوو. هەروەها لە ١٧ تشرینی دووەمی ١٩٠٣وە تا مردنی سەرۆکی حزبی بۆلشەڤیک بوو.

چەند کتێبێکی هەیە گرینگترینیان (پێشکەوتنی سەرمایەداری لە ڕووسیا) و (ئیمپریالیزم باڵاترین قۆناخەکانی سەرمایەداری) و (دەوڵەت و شۆڕش)ن.

## جۆرج ئۆروێڵ

ئازاد ئیسماعیل - حاجیاوا



جۆرج ئۆروێڵ نووسەر و ڕۆماننوسێکی بریتانیاییە، ناوی تەواوی (ئیریک ئارتەر بلێر)ە و جۆرج ئۆروێڵ ئەو ناوە خوازراوەیە کە بۆ نووسین بەکاری هێناوە.

ئەم نووسەرە لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٠٣ لە گوندی منتهاری لە ویلایەتی پونجاب لە هیندستان لە دایک بووە. کە تەمەنی بووە هەشت ساڵ خێزانەکەیان گەڕایەوە بریتانیا. ئۆروێڵ هەرچەندە لە خوێندندا زۆر زیرەک بوو، بەڵام خوێندنی زانکۆی تەواو نەکرد و بڕیاری دا ببێتە نووسەر. ئەو شەیدای ئازادی بوو و دوژمنی زاڵبوونی مرۆڤ بوو بەسەر مرۆڤدا.

لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٩ ئۆرویل دەستی کرد بە نووسینی یەکەمین کتێبی خۆی. ساڵی ١٩٣٦ چووە ئیسپانیا و لە پاڵ کۆماری دووەمی ئیسپانیا و وەک هەواڵنێر و سەرباز کاری کرد و کتێبێکی لەسەر ئەو ڕۆژگارە دانا بە ناوی (ڕێز بۆ کاتالۆنیا) لە ساڵی ١٩٣٨دا بڵاوی کردەوە.

ساڵی ١٩٤٣ دەستی کرد بە نووسینی ڕۆمانە جیهانییە بەناوبانگەکەی (کێڵگەی ئاژەڵان) کە وەرگێڕدراوەتە سەر چەندان زمان. لە ساڵی ١٩٤٦یشدا دوایین ڕۆمانی خۆی نووسی کە ڕۆمانی (١٩٨٤)ە و کراوەتە فیلم و پێشبینیی داهاتوو و ڕووداوگەلی ساڵی ١٩٨٤ی دەکرد.

ئۆروێڵ لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٠ بە نەخۆشیی سیل مرد و هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە ٥٠ ساڵ.

# کڵاوسوور

سۆنیا عەلی - دووبز




















# بەفرین

تاتیانا – کەرکووک



لە جاری جاران، جادووکەرێکی خراپەکار لە تەلارێکی گەورەی خۆشدا دەژیا. ئەو جادووکەرە زۆری پێ ناخۆش بوو کە خەلک شەیدای جوانیی کچێک بوون ناوی (بەفرین) بوو، بۆیە فەرمانی بە نۆکەرەکەی دا تا بەفرین بکوژێ.



نۆکەرەکە کە بەفرینی دی، دلّی پێی سووتا و لە نێو دارستانەکەدا ئازادی کرد. بەفرینیش هەستی بە ترسێکی زۆر کرد و دەستی دایە ڕاکردن تا گەیشتە کۆخێکی بچکۆلانە.



بەفرین لە کۆخەدا کەسی بە دی نەکرد، بەڵام کۆخەکە زۆر نالەبار و پۆخڵ بوو. بۆیە دەستی کرد بە خاوێنکردنەوەی و ڕێکخستنی شتەکان، تا ئەو کاتەی خاوەنی کۆخەکە گەڕانەوە، کە حەوت کورتەباڵا بوون.





بەفرین زۆر دلّی خۆش بوو بەوەی کاری بۆ ئەو کورتەباڵا ئێسک سووکانە کردبوو، ئەوانیش زۆر بە دیداری ئەو دلّخۆش بوون. بەڵام ڕۆژێکیان پیرەژنێک هاتە لای بەفرین و سێوێکی سووری پێی دا.




هەر کە بەفرین گازێکی لە سێوەکە گرت، یەکسەر هۆشی نەما و کەوتە سەر زەوی. چونکە سێوەکە ژەهراوی بوو و، ئەو پیرەژنە، ژنە جادووکەرەکە بوو شێوەی خۆی گۆڕیبوو. کە کورتەباڵاکان هاتنەوە و بەفرینیان بەو شێوەیە دی زۆر گریان چونکە وایان زانی مردووە...



لەو کاتەدا، میرێکی قۆز بەوێدا هات، کە بەفرینی دی بە جوانییەکەی شاگەشکە بوو، بۆیە لە ئەسپەکەی دابەزی و بەفرینی ماچ کرد، هەر لەگەڵ ماچەکەی میر، بەفرین هاتەوە هۆشی خۆی و دوای ئەوە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ میرەکەدا پێک هێنا.

## شکەستنا تیرۆژکێن رۆژێ

هێژا وەیسی - دهۆک



ئـەرێ تە جارەکێ هزرا خۆ کریە کا بۆچی ل دەمێ هندەک ئاڤ د پەرداخەکـێ دا بیت و کەڤچکەکی بکەیە تێدا و ژ دەرڤە بەرێ خۆ بدەیێ یێ شکەستی یە؟

- بەرسڤ/

چونکی تیرۆژکێن رۆژێ راســت دگەهنە د پەرداغی دا و دەمێ دگەهنە ئاڤێ دناڤ پەرداغی دا ئەڤ تیرۆژکە دشـکێن لەوما ل پێش چاڤێن مە دیار دکەن کو کەڤچک یێ شکەستی یە...

هەڤاڵێن خۆشــتڤی ئەگەر هەوە بڤێت ڤێ راســتیا زانستی بزانن فەرموون و ڤێ تاقیکرنێ ئەنجـام بدەن و ئاڤێ و پەرداغەکی و کەڤچکەکی ببەنە ژ دەرڤەی ژووری دێ زانن.

## گازی سروشتی

دانا حەسەن - کەرکووک



گــازی سروشــتی بریتییە لــە تێکەڵەیەکی ئەو گازانــەی لە ناخی زەوییــەوە دێنە دەرەوە و وزەیەکی گەرمیــی زۆریان تێدایە، بۆیە ئەم گازە وەک سووتەنی لە پیشەسازیدا هەروەها بۆ چێشتلێنان و گەرم کردنەوە لە ماڵەکاندا بەکار دێ. گازی سروشــتی لە بنەڕەتدا لە گازی میتان پێک دێ و بوونی پەیوەستە بە بوونی نەوتەوە.

پێشــتر ئەو گازەی لەگەڵ نــەوت دەردەچوو بــەکار نەدەهێنرا و دەســووتێنرا، بەڵام ئێستا دوای ئەوەی سوودەکانی ئاشکرا بوون، ئەم گازە سروشتییە ٢١٪ی وزەی دنیا دابین دەکا.

گازی سروشــتی لە ســووتەنییەکانی تــر پاکترە و ســووتاندنی ڕێژەیەکی زۆر کەمی مادەی پیسـکەری ژینگـە دەردەپەڕێنێ، بۆ نموونــە نیوەی ئەو دووانە ئۆکسـیدی کاربۆنە دروسـت دەکا کە سووتاندنی خەڵووز دەردەپەڕێنێ.

بە شـێوەیەکی گشــتیش گازی سروشــتی بەهــۆی بۆرییەوە لە سەرچاوەکانییەوە بۆ ئەو شوێنانە دەگوازرێتەوە کە بەکاری دێنن.

## بۆ کەمکردنەوەی کێش ئاو بخۆوە

دڵخۆش سەعید - کەرکووک



تۆژینەوەیەکی نوێ لە ئەمەریکا ئەوەی ئاشــکرا کردووە کە ئاو، جگە لە سوودەکانی تری کە زۆر زۆرن، گرینگە بۆ سەرخستنی هەر ریجیمێک کە بۆ کەمکردنەوەی کێش بەکار دێ.

ئــەم تۆژینەوەیــە دەری خســتووە کــە خواردنــەوەی ئاو پێش هــەر ژەمێکی نانخواردن هاوکارە بــۆ تواندنەوەی چەوریی لــەش. هەروەهــا هاوکار دەبێ بۆ پاراســتنی ئەنجامی ڕێجیم کــردن بۆ مــاوەی ســاڵێکی دوای ڕێجیمەکە.

ئەو تۆژینەوەیە ئەوە پێشان دەدا کە خواردنــەوەی دوو پەرداخ ئاو پێش هەر جەمێکــی نانخــواردن زووتر کێشی مرۆڤی قەڵەو کەم دەکاتەوە.

## سووڕی کاربۆن

لارا شەمعوون - کەرکووک

هەر کە رووەکێک یان ئاژەڵێک دەمرێ ئەوەندە نابا شــی دەبێتەوە و توخمە خۆراکییەکانی ناو مــادە ئۆرگانییەکەی - کە کاربۆن یەکێکیانە- بە هۆی بەکتریا و قەوزەوە دەگەڕێنەوە ناو خاک.

ئیتر وردە وردە ئەو توخمە خۆراکییانە زیاتر شی دەبنەوە بەشــێوەیەک رووەک بتوانێ دووبارە دوای توانەوەیان لە ئاودا هەڵیانمژێتەوە.

مرۆڤ و ئاژەڵیش بەهۆی خواردنی رووەکەوە سوودیان لێ وەردەگرن.

هەروەها کاتێ رووەک و ئاژەڵ هەناسە دەدەن، گازی دووانە ئۆکســیدی کاربــۆن دەردەدەن و بەو کردارەش کاربۆن دووبارە دەگەڕێتەوە نێو هەوای دەوروبەر، ئیتر بەم شــێوەیە کاربۆن لە ژینگەدا دەسووڕێتەوە

## کەی و لە کوێ یەکەمین ئاژانسی زانستی دامەزرا؟

چاوان عەلی - ئیسکان



لــە کۆتاییەکانــی ســاڵی ١٩٩٥ و لــە بەریتانیا یەکەمیــن ئاژانســی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی زانســت بــە ناوی STEM دامــەزرا، کە تەنیا بایەخ بە بڵاوکردنەوە و لێکدانەوەی هەواڵەکانی تەکنەلۆجیا و ئەندازیاری و پزیشکی دەدا.

١٣ کۆمەڵــە و ڕێکخراوی زانســتی هاوکاریــی ئــەم ئاژانســە دەکەن و بــە ناردنــی نوێتریــن داهێنان و دۆزینــەوەی زانســتی بەرێــوەی دەبەن، کــە گرینگترینیان کۆمەڵەی شــاهانە و کۆمەڵەی دەرمانسازیی بەریتانی و وەزارەتی کشــتوکاڵ و ئاژانسی لێکۆڵینەوەکانی سەربازی و کۆمەڵەی دەروونناسییە.

# چۆن گوڵ دەکەیتە دیاری ؟

دڵوار - هەولێر



گــوڵ پایەبەرزترین دیارییە کە لــە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا پێشــکەش دەکرێ. بەڵام بۆ ئەوەی گوڵ بکرێتە دیاری هەندێ بنەما و ڕێسای هەن کە بە (ئیتیکێت) ناسراون.

بــۆ نموونە کە بزانی میوانــت دێ گوڵدانێک یا چەنــد گوڵدانێک ئامادە دەکەیــت و ئاویان تێ دەکەی بــۆ ئەوەی ئەگەر گوڵیــان هێنا بیخەیتە ناویانەوە و، هەر کە میوانەکان گوڵیان هێنا گوڵەکان بخە ناو گوڵدانەکان و بیانهێنە ژووری میوان و لەوێ دایان بنێ و سوپاسیان بکە.

جۆری ئەو گوڵەشــی دەکرێ بە دیاری پەیوەســتە بــەو بۆنەیەوە کە گوڵەکەی تێدا دەکرێتە دیاری.

بۆ نموونــە، ئەگەر بە بۆنەی منداڵبوونەوە بــوو، دەتوانێ چەپکێ گوڵ بۆ نەخۆشخانە بنێری بەڵام بە مەرجێ بۆنی گوڵەکان تیژ نەبێ نەوەک کار بکاتە سەر کەشی نەخۆشخانە. ئەگەر منداڵەکە کوڕ بوو باشتر وایە گوڵەکان وەنەوشــەیی و شــین بن، ئەگەر کچیش بوو باشترە سپی و پەمبەیی بن.

ئەو گوڵەی لە شاییدا دەکرێتە دیاری دەبێ سپی بێ و دانە دانە پەمبەییی تێدا هەبێ.

گوڵی داوەتی سەر نانی ئێوارە (شێو) دەبێ زەرد یان پرتەقاڵی بێ.

## مانگە کوردییەکان

ئەم مانگە کوردییانەی وەرزەکانی ســاڵ تێکەڵاوی وەرزەکانی تر بوونە تۆ پاش ئەوەی دەیاندۆزیتەوە بازنەیەک بەدەوریدا دەکێشیت و بە هێڵێکی دروست بۆ وەرزەکەی خۆی ڕەوانەی دەکەیتەوە.

| بەهار | هاوین | پاییز | زستان |
|---|---|---|---|
| نەورۆز | خەرمانان | گەڵاڕێزان | جۆزەردان |
| گوڵان | گەلاوێژ | سەرماوەز | ڕێبەندان |
| پووشپەڕ | ڕەزبەر | بەفرانبار | ڕەشەمێ |

شێنێ محەمەد-هەڵەبجە



# کۆرییەکان بە چ زمانێک دەدوێن؟

ڕەنج محەمەد- ڕەحیماوە



هەمــوو دانیشــتووانی کۆریا بە یەک زمــان دەدوێن، کــە پێی دەگوترێ (هانگۆل) واتــە پیتە مەزنەکان و لە ســەدەی پازدەی زایــندا داهێنراوە و لەوســاوە جێی زمانی چینیی گرتووەتەوە.

زمانی هانگــۆل ٢٤ پیتــی تێدایــە و فێربوونیان زۆر ئاسانە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کۆرییەکان زوو فێری خوێندەواری بن و ئێستا ڕێژەی نەخوێندەواری لەو وڵاتەدا تەنیا ١٠٪یــە و چاپخانەکانیان ڕۆژانە ٨١ ڕۆژنامەی جۆرەوجۆری ڕۆژانە چاپ و بڵاودەکەنەوە.

# خەڵاتە جیهانییەکانی سینەما

ڕەوند فوئاد- ئازادی



ئەمانــەی خــوارەوە گرینگتریــن خەڵاتــی جیهانیــن کە بە هونەرمەندان دەبەخشرێن

گوڵەگەنمی زێرین: لە ساڵ ١٩٦٤ەوە لە مانگی مایسی هەموو ساڵێک لە فیستیڤاڵی کانی سینەمایی لە فەرەنسا دەبەخشرێتە هونەرمەندان.

ورچی زێرین: خەڵاتێکی ســاڵانەی ســینەماییە و لە ســاڵی ١٩٥١ەوە لە مانگی شــوبات-ئادار لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی بەرلین دابەش دەکرێ.

شێری زێرین: لە فیستیڤاڵی ساڵانەی ڤینیسیادا دەبەخشرێ و لە ساڵی ١٩٣٢ەوە لە کۆتایی مانگی ئاب و سەرەتای ئەیلوول دەدرێتە باشترین هونەرمەندی ئەو ساڵە لە بوارەکەی خۆی.

ســیزار: لە ســاڵی ١٩٧٦ەوە لەلایــەن (جــۆرج کراڤن)ەوە داهێنراوە و ساڵانە لە مانگی ئاداردا دەبەخشرێ.

ئۆســکار: بەناوبانگترین و کۆنترین خەڵاتی بووارەکەیە و لە ساڵی ١٩٢٧ لە ئەمەریکا داهێنراوە و ساڵانە لە مانگی ئاداردا دەبەخشرێ.



## کلکی تاوس نیشانەی تەندروستییەتی

ئازا شێرکۆ – قەرەهەنجیر

نێرەی تاوس کلکە ڕەنگینەکەی بۆ بەکێشکردنی سەرنجی مێیەکان بەکار دێنێ. ئەو کلکی وەک باوەشێنێکی گەورەی ڕەنگین دەکاتەوە و ڕای دەتەکێنێ بۆ سەرنجراکێشانی مێیەکان و ئەوانیش کە بەدڵیان بوو بە دەنگی بەرز دەقیژێنن.
زانایان بۆیان دەرکەوتووە کە کلکی تاوس تەنیا بۆ جوانی نییە، بەڵکو ڕەنگی گەش لە کلکی تاوسدا نیشانەیە بۆ تەندروستیی ئەم باڵدارە. هەر نێرەیەکی تاوس کە ڕەنگەکانی نێو پەڕی کلکی گەشتر و بریقەدارتر و جوانتر بن، ئەوە لە نێرەکانی تر تەندروستترە.



## قەل

قەل، قەلەموون، عەلەشیش، ئەو باڵندە جوانەیە کە لەشی بە پەڕی هەمەڕەنگی( سپی، سوور، ڕەش، قاوەیی) داپۆشراوە ڕەشەکانیان زۆر جوانن چونکە ڕەنگەکەیان تێکەڵە بە حەوت ڕەنگ.
لە وشکانی دەژین زیاتر حەزیان لە وەرزی سەرمایە لە کاتی بەفر بارین ئەوان دەردەچنە دەرەوە، خواردنی وردە نان و جۆیە زۆر حەزی لە گوێزە، گیاش دەخوات گەدەی زۆر بەهێزە ، دوای ئەوەی کە گوێزی ساغی دەدەیتێ دوای ٥٠ خولەک سەیری گەدەی بکەی دەبینی هاڕیویەتی و ورد کردووە ، ئەم باڵندەیە ساڵی دوو جار بە هێلکە دێ، بە هەردوو جارەکە نێزیکەی (٥٠–٦٠) هێلکە دەکات، گۆشتی ئەم باڵندەیە زۆر خۆشە، ڕەنگی گۆشتەکەی سوورە و کێشیان زۆرە، نێرەکانیان زیاتر بۆ سەربڕینە، بەڵام مێیەکانیان زیاتر بۆ هێلکەیە چونکە هێلکەی ئەم باڵندەیە کەمە.
لە وەرزی بەهار دوای هێلکە کردن ٢٨ ڕۆژ هێلکەکان دەخاتە ژێر باڵی و هەڵیدێنێ. لە وەرزی پایزیش هەمان کار دووبارە دەکاتەوە.

ئارەزوو – کەرکووک



## باڵندەی خۆشەویستی

خەندە مۆفەق – کەلار

باڵندەی خۆشەویستی (طیر الحب) لە ڕەگەزی تووتییە و نۆ جۆری هەیە، هەشتیان لە ئەفریقیا دەژین و نۆیەمیان (کانا)ی پێ دەڵێن لە دورگەی مەدەگەشقەر دەژێت لەسەر میوە و سەوزە و تۆ و گیا دەگوزەرێت، هەندێکیشیان هەنجیر و مێروو دەخۆن، جۆری نۆیەم بە هیچ شێوەیەک بەرگەی قەفەس ناگرێت و لە قەفەسدا ناژی.
تەمەنیان لە ١٠–١٥ ساڵ دەبێت. درێژییان لە ١٣–١٧سم دەبێت و کێشیان دەگاتە ٤٠–٦٠ گرام، بە بچووکترین جۆری تووتی دادەنرێن.





## کۆمپیوتەر

ماردین – سلێمانی

### ڤایرۆس
### Virus

بەرنامەیەکی بچووکی دەرەکییە بەدەستی ئەنقەست دروست دەکرێت، بۆ مەبەستی شێواندنی ئامێری کۆمپیوتەر یاخود دزینی زانیارییەکانی نێو کۆمپیوتەر .



ڤایرۆسی کۆمپیوتەر لە ڕێگای ئینتەرنێت و فلاش دیسک و سی دییەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێو کۆمپیوتەر. بۆیە پێویستە یەکێک لە بەرنامە تایبەتەکانی دژە ڤایرۆس بەکار بهێنرێت بۆ ڕێگرتن لەو هێرشە تێکدەرانەیە .

## سوودەکانی گوڵەبەڕۆژە بۆ ژینگە

حوسێن شەریف

نیشتمانی گوڵەبەڕۆژە ئەمەریکای باکورە و لەوێوە گوێزراوەتەوە ئیسپانیا و ئینجا بە هەموو دنیادا بڵاو بووەتەوە.
ئەم ڕووەکە سوودی زۆری هەیە لە هەردوو بواری خۆراک و پزیشکیدا. بەڵام توێژینەوە تازەکان ئاشکرایان کردووە کە سوودی تریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ڕەگی ئەم ڕووەکە دەتوانێ مادە کانزاییەکانی ناو خاک هەڵمژێ و گوڵەکەشی ترسناکترین پیسکەرەکانی ژینگە هەڵدەمژێ کە برێتییە لە مادە تیشکدەرەکان.
تاقیکردنەوەکان ئاشکرایان کردووە کە ئەم هەڵمژینەی مادە تیشکدەرانە بۆی هەیە مەترسیی تیشکی ناوکەیی بە ڕێژەی ٢٥٪ کەم بکاتەوە. بۆیە ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێ گوڵەبەڕۆژە وەک پاککەرەوەیەکی ژینگە بەکار بهێنرێ.

## سروودی نیشتمانیی کوردستان

**ئەمە سروودی نیشتمانیی کوردستانە، ئادەی بزانم دەتوانی بۆشاییەکان تەواو بکەی :**

کاوە قادر – سۆران

ئەی ڕەقیب، هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ ...... .... .....
قەومی کورد هەستایە سەر پێ وەک دلێر
تا بە خوێن ..... ... .... ....
کەس نەڵێ .... ..... .... ......
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان
ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمانە، ......... .......
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیرکە .......... .........
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
....... ... ...... .........
لاوی کورد هەر حازر و ئامادەیە
گیان فیدایە ... ...... ... .... ....



## پێبکەنە تا جوانتر بیت



### شەکر

دەشتی نورەدین – داقووق


مامۆستای زمانی کوردی بە قوتابییەکی دەڵێت: رستەیەکم پێ بڵێ (شەکر)ی تێدا بێت! قوتابییەکە لە وەڵامدا دەڵێت: دوێنێ ئێوارە عەبەی برام پیاڵەیەک چای خواردەوە. مامۆستا دەڵێ: ئەی شەکرەکە کوا؟ قوتابییەکە دەڵێ: مامۆستا شەکرەکە لەنێو چاکەدا بوو.



### شەتولعەرەب

دارین جەبار – دارەتوو

لە قوتابخانەیەکدا دوو هاورێی لاسار هەبون، هەموو رۆژانێک لەنێوان خۆیاندا بەشەر دەهاتن، رۆژێکیان بەرێوەبەری قوتابخانەکە بانگی کردن و گوتی: ئەگەر هەر وا بەشەر بێن ئەوا ناچار دەبم یەکێکتان فرێ دەدەمە رووباری دیجلە و ئەوی ترتان بۆ فورات، یەکێ لە قوتابییە لاسارەکان گوتی: قەیدی چییە بۆخۆمان لە شەتولعەرەب یەک دەگرینەوە.



### گۆچان

گوڵەباخ محێدین–زەرگەتە

دادوەر: کورە تۆ کەری! چۆن گۆچان بەدەستەوە دەگری و قسەم لەگەڵدا دەکەیت؟

تۆمەتبار: ئەی بۆ حەزرەتی مووسا کە لەگەڵ خودا قسانی دەکرد گۆچانی بەدەستەوە بوو؟

دادوەر: جا تۆ حەزرەتی مووسایت؟

تۆمەتبار: ئەدی تۆش خوایت؟



### بۆیاخ

سەردار جومعە – دوکان

کورێکی گەنج چاوەکانی برێک کز دەبن، رۆژێک لەوحتابلۆیەک دەبینێ بەسەر ستوونێکی کارەباوە هەڵواسراوە شتێکی لەسەر نووسراوە، زۆر مەراق دەبێت حەز دەکا بزانێ چیی لەسەر نووسراوە، بە ستوونەکەدا هەڵدەگەرێ دەست و جلەکانی هەموو بۆیاخاوی دەبن، بەلام هەر واز ناهێنێ.
کە دەگاتە ئاستی تابلۆکە دەبینێ نووسراوە: ئەم ستوونەمان ئەمرۆ بۆیاخ کردووە خۆتانی لێ بەدوور بگرن تا پیس نەبن.

## توانجێکی جوان بۆ ئەم وێنەیە بدۆزەوە

بەهرۆز سەلام – سلێمانی









ئا : شەن – کەرکووک

سانا بورهان ئەحمەد، تەمەنی نۆ ساڵە، دەرچووە بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی و لە قوتابخانەی موجاهیدینە.

گوتم سانا گیان تۆ بۆچی دەخوێنی؟ گوتی : من دەخوێنم بۆ ئەوەی قوتابخانە تەواو بکەم و ببم بە پزیشک.

– بۆ پارەکەی؟

– نا من حەز دەکەم خزمەت بکەم.

– ئەی تۆ رۆژانە هیچ دەخوێنیتەوە؟

– بەڵێ بەلام لەبەر ئەوەی بە عارەبی دەخوێنم لە ماڵەوە حاجیلەم بۆ دەخوێننەوە.

– ئارەزووت لە چییە؟ حەزم بە یاری کردنە لەگەڵ منداڵاندا.

– باوکت شاعیرە، حەز دەکەیت ببی بە شاعیر؟

– نەوەڵا



ئا : زایەر – کەرکووک

کچێکی رووخۆش و دەم بە پێکەنین، خۆی هات و گوتی دەمەوێ چاوپێکەوتنم لەگەڵ بکەی، منیش بە زایەر زەنگنەم وت کە لەگەڵم دانیشتبوو تۆ لەگەڵ ئەم کچە جوانە دیمانەیەکم بۆ ئامادە بکە.

تۆ ناوت چییە؟ تاڤگە مەوجود

تەمەنت چەندە؟ نۆ ساڵانم و ئەمساڵ بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی دەرچووم.

بەردەوامبە، لە وانەکانم زۆر زیرەکم حەزم بە یاری و وەرزش و خوێندنەوەی کۆواری منالان هەیە و دادە کوردستان بۆم دێنێ، لەناو هەموو کۆوارەکاندا تەنیا حاجیلەم بەدڵە . بۆیە حەز دەکەم دیمانەیەکم لەوێدا بلاو بێتەوە، مانگانە چاوەرێی دەکەم خوایە زوو دەرچێت.

– ئارەزووت چییە؟ خوێندنەوە و وێنەکێشان و وەرزش.

– حەز دەکەی ببی بە چی؟ بە مامۆستای زمانی کوردی.



کانی – ئوستراليا

**ناو** : ساران شوان سەراج

**تەمەن** : ١١ ساڵ

**قوتابخانە**: Dalmeny P. School . Sydney. Australia

لە شاری (لیڤەرپوول) ئوستراليا

**پۆل** : ٦

**ئارەزوو و خولیا** :وێنەکێشان و دروست کردنی فرۆکە و کەشتیی گەورە وەک (تایتانیک) و ئۆتۆمبێل بە کارتۆن.

**ئاواتت :** حەز دەکەم بگەرێمەوە کوردستان بۆ شارەکەی خۆم (کەرکووک) تا لەگەڵ هاورێ و خزمەکانم بم چونکە کەرکووک شارێکی زۆر خۆشە و دڵم لایەتی ئەگەرچی ئێستا لە شاری (Liver Pool) لە ئوستراليا دەژیم.



# مانگ .. تاقانەکەی زەوی

گزنگ – کەرکووک

نزیکترین تەنی ئاسـمانی و یەکەمین دراوسێی زەوی کە مرۆڤ لەسەری بنیشێتەوە، مانگە کـە تەنیا ٣٨٤ هەزار و ٤٠٠ کیلۆمەتر لێمانـەوە دوورە و هەندێ جاریش پێی دەگوترێ (تاقانەکەی زەوی) چونکە زەوی وەکو هەسارە گەورەکانی کۆمەڵەی خۆر نییە کۆمەڵێک پاشـکۆ بە دەوریـدا بخولێنەوە، بەڵکو تەنیا پاشـکۆیەکە ناومان ناوە (مانگ).

ڕووی جوانی مانگ بە تایبەتیش لە چواردەدا سەرنجی شاعیرانی ڕاکێشاوە و گەلانی پێشوو لەبەر جوانی و درەوشاوەیی بە خواوەندیان داناوە و پەرستوویانە.

ئەو تاقانەیەی زەوی مانگی جارێک بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە و بە هەمان ماوەش جارێک بە دەوری تەوەری خۆیدا دەخولێتەوە، بۆیە ئێمەی دانیشتووانی سەر ڕووی زەوی تەنیا ڕوویەکی مانگ دەبینین و ڕووەکەی تریمان لێ دیار نییە.



لـە ٢١ی تەممـووزی ١٩٦٩دا بـۆ یەکەمین جار (نیڵ ئارمسـترۆنگ)ی ئەمەریکایـی پێی نایە سـەر ڕووی مانگ، کە بە گالیسـکەی ئەپۆڵۆ ١١ گەشتەکەی کردبوو.

## کەوەکەی چیای (سیپان)ی ژمارە ١٠ قوتابییەکی گوندی قادرئاوای سەر بە سەنگەر دۆزییەوە.

کەوەکەی لە چیای سیپانەوە گەیشـتبووە شاری باوەگورگوڕ هاوڕێمان **ڕامیار حەسەن** پۆلی پێنجی بنەڕەتی لە گوندی قادرئاوای سـەر بە سەنگەسـەر دۆزییـەوە ئێمە وێڕای دەستخۆشی پیرۆزبایی لێ دەکەین کە خەڵاتی حاجیلەی بردەوە.





بەهرە جەبار – سلێمانی

# چۆن ئەژدیهاکەت ڕادەهێنی ؟



پێـش ماوەیەکی دوور و درێـژ لە باکوری دورگەی بێـرک لــە سـکۆتلەندە ، هیکاپ کوڕی سـەرۆک و پاڵەوانی ئەو ناوچەیە ، دەیەوێت بەشـداریی جەنگی دژە ئەژدیهاکان بکات کە بـەردەوام هێرش دەکەنە سـەر ئاوایییەکەیـان ، بـەڵام بـە هـۆی لاوازی و بێدەسەڵاتیی هیکاپ ، باوکی ڕازی نابێت .

شـەوێک لـە شـەوان هیـکاپ لـە دارسـتانێک دا ڕووبـەڕووی ئەژدیهایەکی جیـاواز دەبێتەوە ، ئەم ئەژدیهایە بچووکتـر و بێ ددانە ، هیکاپ و ئەژدیها دەبنە دۆسـت و هاوڕێ ، هەر پێکەوەش بەرەنگاری ئەژدیها جەنگـاوەرەکان دەبنـەوە و دوای ئەوەی هیکاپ نهێنیی جیهانـی ئەژدیهای بۆ دەردەکەوێت ، زیرەکانە پلان بۆ شکست پێهێنانی لەشکری دوژمنانی لە ئەژدیها جەنگاوەرەکان دادەڕێژێت .

ئەوەی ئەم فلیمـە بۆمانی ڕووندەکاتـەوە ئەوەیە ، بۆ سـەرکەوتن بەسەر کێشـەکاندا پێویستە بەرنامە ڕێژی بکەین و ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین .



## شاری مێرووله

لەتیف دەلۆ - کەرکووک



ناز لەگەڵ قوتابییانی قوتابخانەکەی ڕۆیشتن بۆ سەیران، بەر لە پشووی بەهار، لەنێو گوڵ و گوڵزار و گیا و درەختی ئەو دەشت و دەرە چاوی بە کۆمەڵێک مێرووله کەوت، لە سەریان ڕاوەستا و سەرنجێکی دان و دواتر چەند تێبینییەکی لای خۆی نووسی و گەڕایەوە بۆ لای هاوڕێکانی.

لە دوای نیوەڕۆ لە دەوری مامۆستاکەیان کۆبوونەوە، ناز نووسراوەکەی دەرکرد و بە مامۆستای گوت:

لەم سروشتەدا چاوم بە کۆمەڵێ مێرووله کەوت، هەموویان پێکەوە کاریان دەکرد، بێ وچان بێ فرتوفێڵ لە بەرژەوەندیی گشتیان، شارەکەیان و دەورووبەری و ڕێگاوبانیان پاک و خاوێن و بە نەخشە دانرابوو، هاتووچۆیان کۆنترۆڵ کرابوو، یەکێکیان ڕێگای لەوی تر نەدەگرت،

ئەی ئێمە بۆچ ئێستا هەموو کارێکمان بە پێچەوانەی ئەو بوونەوەرە بچووکانەیە؟



مامۆستا: بەڵێ ناز، ئەو بوونەوەرانە لە بچووکیی بوونیانەوە فێرکراون بێ چاودێر بەپێی یاسا و سیستەم کار بکەن، بەڵام ئێمە تا ئێستا دلسۆزمان نەبووە فێرمان بکات، وا ئێستا لە قوتابخانەوە دەستمان پێکردووە و یەکێک لەوانە ئەم سەیرانەیە تا هەوا بگۆڕین و لە سروشتەوە وانەی وەها فێربین.

## حەوت جاران بێ وەستان ئەم ڕستەیە بڵێرەوە

ڕەوا عوسمان - کەرکووک

**شاڵی بان شان و باڵی پاشا شۆڕە.**



## توور

عەزیز کەریم - سۆنەگۆلی



توور یان ترپ، بە ئینگلیزی پێی دەگوترێ radish یەکێکە لەو سەوزانەی کە ڕەگەکانیان دەخورێ، سەر بە خێزانی ڕووەکیی سەلیبییە وەک قەرنابیت و شێلم و برۆکۆلی ( قەرنابیتی سەوز ).
ڕەگی توور کە ڕەنگی سوور یان سپییە دەخورێ هەروەها گەڵاکانیشی دەخورێن.
زۆر بەسوودە بۆ چالاککردنی ئارەزووی خواردن و بۆ هەرسکردنی خواردنیش.
ئاوی توور بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئاسانکردنی دەردانی پاشەڕۆ و زیادکردنی دەردانی زراو باشە و هەروەها مادەی ڕافانینی تێدایە کە دژ بە بەکتریا و قەوزە و هەوکردنە. جگە لەمانەش دەردانی گڵاندە دەرەقییەکان کەم دەکاتەوە.

## شێلم

حەسەن قورشاغلو



شێلم، بە ئینگلیزی پێی دەگوترێ turnip یەکێکە لە ڕووەکە سەلیبییەکان و ڕەگەکەی دەخورێ. ئەم ڕووەکە لەو شوێنانەدا زۆرە کە کەشیان نە زۆر ساردە و نە زۆر گەرمە.
شێلم چەندین ڕەنگی هەیە، بەڵام ئەوەی لای ئێمە باوە ڕەنگی مۆرە، هەیەتی سپی و درێژکۆلەیە کە بە زۆری لە چین بڵاوە. شێلم سەلکەکانی دەخورێن هەروەها تۆوەکەشی بەسوودە.

## گێزەر

فەرهاد حەمەشەریف - دووز



گێزەر (یارکۆکی) ناوەکەی لە بنەڕەتدا ناوێکی فارسییە و بە ئینگلیزی پێی دەگوترێ carrot و، بۆ خواردن سوود لە ڕەگەکەی وەردەگیرێ.
ئەم ڕووەکە دوو وەرز دەژی و ڕەگەکەی ڕەنگی مۆر یان باینجانی یان پرتەقاڵی و مەیلەو زەردی هەیە.
تا ڕەنگی گێزەر بە لای سووردا بچێ ئەوا مادەی کارۆتینی زیاتر تێدایە کە بۆ لەشی مرۆڤ پێویستە.
ئێستا گێزەر لە گشت وەرزەکاندا هەیە لەبەرئەوەی لە ژووری پلاستیکیدا دەڕوێنرێ.

# ئیکوادۆر



ڕۆشنا کەرکووکی
کەرکووک

**ناوی وڵات :** کۆماری ئیکوادۆر.

**پێگەی جوگرافیایی :** ئیکوادۆر دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای ئەمەریکای باشوورەوە. کۆلۆمبیا دەکەوێتە باکوری و ئۆقیانووسی هێمن سنووری ڕۆژئاوای پێکهێناوە، پیرۆش لە ڕۆژهەڵات و باشوورەوە دەوری داوە.

**ڕووبەر :** ٢٨٣ هەزار و ٥٦١ کیلۆمەتری دووجا.

**ژمارەی دانیشتووان :** ١٢ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار کەس.

**چڕیی دانیشتووان :** ٤٥,٥ کەس لە کیلۆمەترێکی دووجادا.

**پێکهاتەی ئاینی :** ٩٣,٥٪ کریستیانی کاتۆلیک و ئاینەکانی تر ٦,٥٪.

**پایتەخت :** کیتۆ (یەک ملیۆن و ٢٩٨ هەزار کەسی تێدا دەژی).

**گرینگترین شارەکانی :** گوایاکیل، کونگا، ئەمباتۆ، کۆنیسا.

**جۆری فەرمانڕەوایی :** کۆماریی فرە حزبی.

**دراو :** سۆکەر.

**زمان :** ئیسپانیایی.

**گرینگترین هەناردەکانی:** قاوە، مۆز، کاکاو، نەوت، قرژاڵ.

**گرینگترین هاوردەکانی:** کەرەستەی خاوی پیشەسازی، هۆکارەکانی گواستنەوە، کەرەستەی بیناسازی.

**کات :** گرینیتچ + ٥.

**مێژووی بەئەندامبوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان:** ١٩٤٥.

**ڕیزبەندەکانی لە جیهاندا:** هەشتەم لە بەرهەمهێنانی کاکاو و چواردەمین لە قاوە.














# ئینتەر میلان

سەمیر قادر - چیمەن



ناوی تەواوی (ئینتەرناسیۆنالی میلانۆ)یە و یانەیەکی بەناوبانگی تۆپی پێی هەرێمی لۆمباردیای ئیتالیایە. لە خولی پلە یەکی ئیتالیا بەشدارە و لە یاریگەی جۆسیپی میاتسا (سان سیرۆ) یاری دەکا کە ٨٥٤٤٣ کەس دەگرێ و، تیپی یانەی میلانیش لە هەمان یاریگەدا یاری دەکا.

ئەم تیمە لە ٩ی ئاداری ١٩٠٨ دامەزراوە و بە هەردوو ڕەنگی ڕەش و شین ناسراوە و ئەو مارەی لە لۆگۆی یانەکەدا هەیە نیشانەی شاری میلانۆیە. یەکەمین پاڵەوانیەتیی لە ساڵی ١٩١٠دا بردەوە.

لە ماوەی شەڕی جیهانیدا لە ترسی ڕێژیمی بینیتۆ مۆسۆلینی ناچار بوو ناوەکەی خۆی بگۆڕێ بۆ (ئەمبرۆسیانا) و ساڵی ١٩٤٢ دووبارە ناوی بووەوە ئینتەرناسیۆنالی میلانۆ.

ئەم یانەیە لە تەمەنی خۆیدا ١٨ جار خولی ئیتالیا، ٦ جار جامی ئیتالیا، ٥ جار جامی سووپەری ئیتالیای بردووەتەوە. لە خولە جیهانییەکانیشدا ٣ جار خولی پاڵەوانانی ئەوروپا، ٣ جار جامی یەکێتیی ئەوروپا، ٢ جاریش جامی کیشوەری بردووەتەوە و، یەک جاریش جامی جیهانیی یانەکانی بردووەتەوە.

# گۆڵف

بەرهەم هاوڕێ - کەرکووک



گۆڵف بە واتای داردەست دێ و ئەم یارییە لە سکۆتلاند سەری هەڵداوە و لەوێوە بۆ هەموو دنیا بڵاوەی کردووە.

ئەم وەرزشە لە ڕووبەرێکی فرەواندا دەکرێ، کە گیا و بەرزی و نزمی و جۆگەی ئاوی تێدایە. درێژیی یاریگەی گۆڵف لە نێوان ٣ تا ٧ کیلۆمەترە، بە پێی ژمارەی چاڵەکان کە لە نێوان ٩ تا ١٨ چاڵە و دەبێ بە هۆی ئەو دارەوە کە پێی دەگوترێ میگارا تۆپە بچووکە سپییەکان بخرێنە ئەو چاڵانەوە.

لێدانی یەکەم دەبێ بەرز و درێژ بێ و داردەستێکی تێدا بەکار دێ سەرەکەی لە دار دروست کراوە. بۆ لێدانەکانی تر سەری داردەستەکە لە مادەی کانزاییە.

ئەگەر یاریزان تۆپەکەی تێگرت و نەچووە چاڵێکەوە، دەبێ بچێتە لای تۆپەکە و دیسان لێی بدا تا دەچێتە ناو ئەو پارچە سەوزاییەی چاڵەکەی تێدایە و چاڵەکە بە ئاڵایەک کە لە دارێک قایم کراوە دیاری کراوە، لەوێدا داردەستێک بەکار دێنێ سەرەکەی لە مس دروست کراوە.

یەکێ لە گەورەترین یاریگەکانی گۆڵف لە ناوچەکەدا لە ناوچەی باوەگوڕگوڕی شاری کەرکووکە و لە ١٩٤٠ەکاندا کۆمپانیای نەوتی باکور بە هاوکاریی شارەزایەکی بریتانیایی دروستی کردووە .

# هاوڕێیانی بەهرەمەندی حاجیلە

**کۆمەڵە هاوڕێیەکی لێهاتوو و بە توانای قوتابخانەکانی کەرکووک بەشدارییان لە فیستیڤاڵی هونەریی ساڵانەی چالاکیی قوتابخانەکان کرد و بە خوێندنەوەی هۆنراوەکانیان ئامادەبووانیان سەرسام کرد.**

ڕیپۆرتاج : شنۆ سابیر



کاڵێ جەبار، پۆلی دووەمە لە ناوەندیی کۆچەری کچان، یەکەمین جارە بەشداری لەم جۆرە فیستیڤاڵانەدا بکا و پارچە هۆنراوەیەکی بە شێوەیەکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش خوێندەوە.
کاڵێ دەیگوت: هۆنراوەکە هی باوکم و دانا عەسکەرە، بێجگە لە شیعر خوێندنەوە ئارەزوویەکی ترم هەیە کە ژەنینی ئامێری گیتارە و بەشداریم لە خولێکی فێربوونی گیتار کردووە و دەتوانم چەند ئاوازێک بژەنم.



شنۆ نەوزاد بەهرەمەندێکی تری بەشداربووی ئەم فیستیڤاڵە بوو، نووسینێکی تەنزئامێزی لەسەر ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردەواری خوێندەوە، ئاستی نووسینەکە لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر بەرزتر بوو لەوەی کە شنۆ خان خۆی نووسیبێتی، بۆیە نکوولیی لێ نەکرد و گوتی: نەوزاد شێخانیی باوکم هاوکاریمی لە داڕشتنی ئەم بابەتە کردووە. بابەتی تریشی لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە و کەرکووک نووسیوە.




زارا نەعمان کە پۆلی شەشەمی سەرەتاییە لە قوتابخانەی چراخانی سەرەتایی، هۆنراوەیەکی ٨ لاپەڕەیی خوێندەوە و دەیگوت: باوکم لە ماڵەوە پەروەردەکار و لە قوتابخانەش مامۆستامە، لە دەرەوەی ئەمانەشدا وەکو دوو هاوڕێین و باوکم شاعیر و هونەرمەندیشە، زۆریش هانم دەدا خۆم شیعر بنووسم. حەزیشم لە خوێندنەوەی دیوانە شیعرەکانی شاعیرە کۆنەکانی وەکو نالی و حاجی قادری کۆیی و قانیعە.



## ئوتوو

یارە شاڵو – گەڕەکی ڕزگاری



بەر لە داهێنانی ئوتووی جل، خەڵکی ڕێگەیەکی تایبەتیان بۆ نەهێشتنی چرچ و لۆچیی جلەکانیان لە دوای شوشتنی بەکار دەهێنا. دوای شوشتن وشک دەکرایەوە، ئینجا دارێکیان لە شێوەی تیرۆگ بەدرێژی باڵێک دەهێنا، هەندێک ئاویان بەسەر جلەکەدا دەپرژاند، پاشان ئەو دارەیان بەقورسی بەسەر جلەکەدا دەهێنا و ئەمسەر و ئەوسەریان پێ دەکرد.
ئینجا ئوتوو داهات، بریتی بوو لە پارچە ئاسنێکی قورس خوارەوەی لووس بوو و ناوەکەشی بەتاڵ، خەڵووزیان دەکردە ناوی و گڕیان تێ بەردەدا، تا دەبووە پشکۆ، ئوتووەکە گەرم دەبوو و قۆپچەی جلەکانیان بەپارچە قوماشێک دادەپۆشی و ئوتووەکەیان بەسەر جلەکەدا دەهێنا و لۆچی نەدەما.
ئێستا ئەم ڕێگەیەش نەما، چونکە ئوتووی کارەبایی داهات و بەکاتێکی کەمتر و جوانتر جل ئوتوو دەکات. شایانی وتنە ئێستا ئوتووی وا گەورە داهاتووە، جگە لە جل لێفە و پەتوو و پەردەی ماڵ و چەرچەفیشی پێ ئوتوو دەکرێت.



## مێزی نان خواردن

ترێ عەباس – سەنگاو

لەگەڵ هاتنە کایەی شارستانییەتەوە، مێز لە دار و کانزا دروست کراوە و هەبووە. کە بۆ یەکەمین جار لەلایەن سۆمەرییەکانەوە مێز هاتە دروست کردن. دواتر بابلی و ئاشوورییەکان بیرۆکەی مێزیان لە ئەوان وەرگرتووە و میسرییە کۆنەکانیش لەمانەوە فێر بوونە، گریکییەکانیش لەمانیان وەرگرتووە و لە مەرمەڕ و کانزا دروستیان کردووە و نەخش و نیگاریان تێدا بەکار هێنا، پاشان ڕۆمانییەکان زیاتر پەرەیان پێدا و چەند گۆڕانکارییەکیان بەسەردا هێنا لەوانە بە نەخش و نیگاری پڕ بەها و لەسەر عاج و کانزای تر هەروەها لە شێوەشدا.
لە چاخی ناوەڕاستدا تا ڕادەیەکی زۆر گۆران و شێوازی جۆربەجۆریان بەسەردا هێنا لەوانە هێلکەیی و بازنەیی و لاکێشە و بچووک و گەورە و سەفەری و چەند جۆری تر.

## نیشانەی هەڵە یان ڕاست لەم ڕستانەی خوارەوە بدە

- گەورەترین شاری کیشوەری ئەورووپا لەندەنە.
- دوانزە دەوڵەتی عەرەبی کەوتوونەتە کیشوەری ئاسیاوە
- عێراق یەکەمین وڵاتە بۆ بەرهەمهێنانی خورما.
- بەچکەی کۆتر پاش یەک مانگ دەفرێت
- باڵندەکان ساڵی جارێک پەڕەکانیان دەگۆڕن
- لاوازترین هەست لای باڵندە بۆنکردنە
- بۆ یەکەمین جار خەیار لە هیندستان دۆزرایەوە.
- ئەختەبووت ٣ دڵی هەیە.


هیوا محەمەد – چەمچەماڵ

# قەڵەمە ناسکەکان

## دوو پیاو چاک

ئەحمەد ئیسماعیل قادر
( ١٤ ) ساڵ - شۆراو

هەبوو نەبوو دوو پیاو هەبوون پیاوێکیان ناوی سمس بوو، ئەوی تریان ناوی ئەلێکس بوو، ئەلێکس کوڕێکی هەبوو ، کوڕەکەی هیچ خۆشــی نەدەویست، ویستی کوڕەکەی لەگــەڵ پیاوێک کــە هاوڕێی کوڕەکەی بــوو بیاننێرێ بۆ ئوســتراليا کە کەنگەرێکی زۆری لێیە، سمس لە شارێکی ئوســتراليا ژیانی بەســەر دەبرد، بڕێکی زۆر پارەی دایە کوڕەکەی بیبات و، بە سمسی گوت، کوڕەکەی و هاوڕێی کوڕەکــەی لەوێ بکــوژێ کوڕەکە و هاوڕێکــەی بەرێ کەوتن بۆ ئوستراليا لە ڕێگە بە ئوتومبێل لە کەنگەرێکیان دا، هەڵیانگرتەوە وایانزانی مردووە. چاکەتێکیان کردە بەر کەنگەرەکە کە پارەکەی تێدا بوو. کەنگەرەکە هەستایەوە و رایکرد، زۆر هەوڵیان دا کەنگەرەکە بگرن بەڵام نەیانتوانی. ســمس پێیانی گوت هــەر ئەمڕۆ پارەکــە نەهێننەوە ئەوا دەتانکوژم. بەڵام ئــەوان پارەکەیان بۆی نەبرد و چوون پۆلیسیان ئاگەدار کردەوە، کە سمس دەیانکوژێ. پۆلیس بەدوای سمسدا گەڕان و گرتیان و خستیانە بەندیخانەوە، ئەلێکس بەم هەواڵەی زانی لە داخا دڵی وەستا و سمسیش لە بەندیخانە خۆی کوشت.



## ئاژەڵی دڕندە

محەمەد رزگار
پۆلی چوارەم
قوتابخانەی ژیار

کوڕێک هەبــوو ناوی ئازاد بــوو، زۆر جار دایک و باوکی ئاگەداریان کردبــووەوە کە گوندەکەیان ئاژەڵــی دڕندەی لێ هەیە. بەڵام ئــازاد گوێرایەڵی بــاوک و دایکی نەبوو، ئازاد چــوو بۆ جێگەیەکی دوور لە گوندەکەیان. ئازاد گوتی: ئێرە چ شوێنێکە کەسی لێ نییە، ئەو جێگەیەی ئازاد بۆی چوو بوو لەناکاو ئاژەڵێکی دڕندەی لــێ پەیدابوو پەلاماری ئازادی دا و ئازاری زۆری پێ گەیشت، بەو هۆیەوە ئــازاد پێیەکی لەدەســت دا، پاشــان ئــازاد بیری کردەوە کە زۆر جار دایک و باوکی ئامۆژگارییان دەکرد گوندەکە ئاژەڵی دڕندەی لێیە.

## بێ وەفایی



مەریوان رەشید تەمەن ١٢ ساڵ
قوتابخانەی مەم و زین - کەرکووک

هەبــوو نەبوو دوو هاوڕێ هەبــوون بەناوی مەریوان و موکریان، ئەم دوو هاوڕێیــە هاوپۆلی یەک بوون، مەریوان کوڕێکی بێ وەفا بوو هەر کەســێک پێویستی پێی هەبوایە یارمەتیی نەدەدا هەمیشە موکریانی هاوڕێی پێی دەوت بێ وەفا مەبە چونکە رۆژێک دێت پێویســتیت پێمان ببێت ئەوکات پەشــیمان دەبیتەوە بەڵام مەریوانی هاوڕێی بە گوێی نەدەکرد تا رۆژێکیان لە کاتی تاقیکردنەوەدا پێنووســی لەبیر کردبوو ئــەوکات ئامۆژگارییەکانی موکریانی هاوڕێی بیر هاتەوە و زۆر هەســتی بە پەشــیمانی کرد و بەشەرمەزارییەوە داوای پێنووسی لە موکریان کرد، ئەویش پێی دا. مەریوان بەڵێنی دا ئیتر بێ وەفا نەبێ و یارمەتیی کەسانی تر بدات.



## دانا و مریشکەکانی



داراعۆف - کەرکووک

دانا مریشــکێکی رەشــی هەبوو، مریشــکە رەشــە کڕ کەوت، دانا رۆیشــت ١١ هێلکەی بۆ هێنا. منداڵێکی لاسار لە کــۆڵان چوو هەر ١١ هێلکەکەی شــکاند. دانا دایکێکی پیری هەبوو بە راکردن چــووە لای دایکە پیرەکەی و گوتی: هێلکەکانم شــکاوە، دایکی دانا رۆیشــت ١١ هێلکەی دیی بۆ مریشــکەکانی دانا هێنا. هێلکەکانیان بۆ مریشکەکە دانا دوو رۆژی مابوو بۆ وەختی خۆی هەمووی هەڵهێنا. دانا رۆژێک مشــکێکی لەلای کولانەی مریشــکەکانی بینی بۆیە چوو مقەبایەکی هێنا بانی پڕ کرد لە ســیکۆتینی مشــک گرتن و کردیە ناو کولانەی مریشــکەکانی. بەڵام سیکۆتینی مشکەکە هەموو جوجگەکانی گرتبوو، ئەم جارە دانا بە گریانەوە رایکردە لای دایکی و وتی: جووجگەکانم هەموویان ســیکۆتینی مشکەکە گرتوویانی، دایکی داناش هەرچۆنێک بێ هەشت جووجگی لێ کردەوە و ئەوانی دی مردن. ئەم جارەیان دانا هەشت جوجگەکەی کردە ناو کولانەکە و دەرگای کولانەکەی داخست، شەو پشیلەیەک لێیان چووبووە ژوورەوە و هەموویانی خواردبوو، بەیانییەکەی دانا خەم دایگرتبوو بەدیار کولانە و مریشکەکانیەوە، باوکی دانا بۆ ئەوەی دانا خەم نەخوات نۆ جوجگی بۆ دانا کڕی.


## ڕێوی و ئاژەڵەکانی دارستان



هیواعۆف - کەرکووک

رۆژێک لە رۆژان شــێرێک پاشای دارستان بوو، زۆر بێ بەزەیی بوو حەزی نەدەکرد کەس دڵی خۆش بێ، هەموو رۆژێک ئاژەڵەکان دەیانویســت بیکوژن بەڵام پێی نەدەوێران ، رۆژێک کۆبوونەوەیان کرد کە چۆن لەناوی بەرن، چەند کاتژمێرێک بیریان کردەوە، بەڵام نەیاندەزانی چی بکەن.
ڕێوییەک گوتی: من دەتوانم لەناوی بەرم ئەوانیش گوتیان: باشە فەرموو بزانین چی دەکەی؟
ڕێوییەکە رۆیشت بۆلای شێر و پێی گوت : پاشا برۆ بۆ شوێنێک پری نێچیرە هەر رۆژە و دانەیەکیان بخۆ، پاشاکە گوتی لەکوێیە؟ ڕێوییەکە گوتی لەولادایە. بەڵام فێڵی لێکرد چونکە ئەولا پری راوچیی ئازا و بەهێز بوو.
پاشاکەش نەیزانی رۆیشت و راوچییەکان کوشــتیان، ئیدی ئاژەڵەکان بە ڕێوییەکەیان گوت: ئافەرین دەستخۆش بۆ خۆت و فێڵت ، وەرە ببەرە پاشــامان، بەڵام ڕێوییەکە گوتی: من شــایەنی پاشایەتی نیم، ئیتر لەو کاتەوە هەموو ئاژەڵەکان بە خۆشی و شادی ژیانیان بەسەر برد.

## فوو لە خواردن مەکە




زۆربــەی جارەکان کە خواردن یــان خواردنەوەکەمان گەرم دەبێ، بۆ ئەوەی ساردی بکەینەوە فووی لێ دەکەین.

ئەمــە خوویەکی خراپە، چونکە پزیشــکان بۆیــان دەرکەوتووە جۆرێک بەکتریا هەیە پێی دەگوترێ (هێلیکۆباکتەر) لە ناو دەمدا دەژی و سوودی بۆ پرۆسەی هەرسکردن هەیە.

ئەم بەکتریایــە کاتێ لە دەمەوە دەردەچــێ و دەکەوێتە سەر خواردنە گەرمەکە، بەرگێک بۆ خۆی دروست دەکا و کە مرۆڤ لەگەڵ ئەو خواردن قووتی دەدا و دەچێتە ناو گەدەوە، لەوێ مــادەی (یۆریا) دەر دەدا کە مادەیەکی زەهراوییە و دەبێتە هۆی هەوکردنی گەدە و گەدە خۆی دەخواتەوە و لە ئاکامدا بریندار دەبێ. هەروەها ئەم مادەیە دەردانی ئینســۆلین لە پەنکریاس کەم دەکا و دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی شەکر لە خوێندا و مرۆڤ تووشی نەخۆشیی شەکرە دەکا.

هێدی هیوا – سووورداش

## ئــەو ســو پایەی لەشــت لــە میکرۆبەکانــی ژینگە دە پارێزێ



خانە لیمفاوییەکانی لەش بەشــێکن لە سیستمی پاراستنی لەشی مرۆڤ، بە گشتی ئەم خانانە دوو جۆرن: جۆری (بی) کە مۆخی ئێســک دروســتیان دەکا ، لەشی مرۆڤ لەو میکرۆبانە ڕزگار دەکا کە هاتوونەتە ناو لەشەوە، بەڵام جۆری (تی) لەش لەو میکرۆبانە دەپارێزێ کە لە کەش و هەوای دەوروبەر و لە ژینگەدا هەن.

یەکێ لە کارەکانی خانەی (تی) بەهێزکردنی خانەکانی جۆری (بی)یە بۆ دروســتکردنی مادەی لەناوبەر بۆ میکرۆب، جۆرێکی تری خانەکانی (تی) مادەی زەهراوییان تێدایە کە میکرۆبەکانی زیانبەخش دەکوژن.

ئەم خانانە برێتین لە هێزی ئامادە لە سیســتمی بەرگریکەر لە لەشــی مرۆڤ و، بە ناو لەشدا دەگەڕێن و لە هەر شوێنێک میکرۆبێکیان تووش هات لێی کۆدەبنەوە و گەمارۆی دەدەن و لەناوی دەبەن.

## ماڵداری

ئاشتی عەبدوڵڵا – پردێ

× ئەگەر دڵۆپێ خوێن کەوتە ســەر جلەکانت، نیگەران مەبە و بەرلەوەی وشــک بێتەوە هەندێ خوێی بەســەردا بکە، پاشــان بە سرکەی ترێی سپی بیشــۆ ئینجا بیخەرە نێو ئاوێکی ساردەوە و ١٠–١٢ سعات بیهێڵەوە، دواجار بە ئاویکی شلەتێن بیشۆ.

× ئەگەر بۆنی ناخۆشــی ئەو پارچە ئیســفەنجەی بەکاری دێنــی بێزاری کردی، تەڕی بکــە و بیخەرە نێو فڕنێکــی مایکرۆوەیڤەوە تا هەڵمی لێ بــەرز دەبێتەوە، دەبینی ئەو میکرۆبانەی بوونەتە هۆی بۆنی ناخۆشــی ئیسفەنجەکە بە گەرمیی فڕنەکە لەناو دەچن و بۆنە ناخۆشەکەی نامێنێ.





کوردستان محەمەد – ئازادی



## هە لێبینە

- تا درێژ بێت کورت دەبێتەوە.
- شەو تاریکە، مل باریکە، من ناوێرم، تۆ دەنێرم.
- بە پڕی نیوەیە، بە نیوەیی پڕە،
- زەردی چوار پێیە، کانیلەی پێیە، ئاگری پێیە.
- هەنووکە و مەنووکە لێی دەبارێت بەفرۆکە.

## ئایا دەزانی؟



- مێیینەی مێشوولە دەگەزێت بەڵام نێرەکەی پاش جووت بوون دەمرێت.
- کاری سەرەکیی سپڵ دروستکردنی خرۆکەی سوورە.
- مــرۆڤ دوو گورچیلــەی هەیــە، گورچیلــەی چــەپ بەرزترە لە ڕاست.
- سەڵاحەدینی ئەیوبی لە شاری تکریت لەدایک بووە.
- یەکەمین باخچەی ئاژەڵان لە لەندەن کرایەوە.

## پەندی بەرینان



### بەم وشەگەلە ئەم پەندانەی خوارەوە تەواو بکە

**سەر ، گێرە، سوار، قەل، چەقەڵ**

- شوێنی شێرە و ڕێوی تیا دەکا........
- ...... تا نەگلێ نابێت بە سوار.
- قەل بە ......... دەلێ ڕووت ڕەش بێ.
- گیا لە ....... بنجی خۆی دەڕوێت.
- چەم بێ....... نابێ

مریەم عەلی – ڕەحیماوا

## وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

کام لەم وڵاتانە زۆرترین برنج بەرهەم دێنێ ؟ :
– ئەمەریکا.
– چین.
– هیند.

کێ بۆ یەکەمین جار تەپڵی بەکارهێنا ؟ :
– میدیاییەکان.
– سۆمەرییەکان.
– ئاشوورییەکان.

کام خواردنە زووتر هەرس دەبێت ؟ :
– برژاو.
– کوڵاو.
– سوورەوەکراو.

دەمی پیاو گەورەترە یا هی ژن ؟ :
– وەکو یەکن.
– دەمی پیاو.
– دەمی ژن.

شاهەنگ چەند ساڵ دەژی ؟ :
– ٤ ساڵ.
– ٣ ساڵ.
– ٢ ساڵ.

## بمڕەنگێنە


لەرین – سلێمانی



## ڕامان

هێشوو جوامێر – سەنگەسەر


چ ژمارەیەک پێویستە لەنێو ئەو بازنەیەدا دابنرێت؟







## چاوتیژی

شیلان بەکر – ڕەحیماوە



لە وێنەی یەکەم وردبەرەوە کە ٤ چوارگۆشەی خۆڵەمێشی لەسەر ٤ کارتۆنی سوور، سەوز، زەرد و مۆردا دانراون، بزانە کامیان ڕەنگی تێرترە. پاشان تەماشای وێنەی دووەم بکە، کە وێنەی هەر چوار چوارگۆشەکەیە بەبێ چوارگۆشە ڕەنگاورەنگەکان. ئێستا چی دەڵێی؟ وەکو یەکن یان ڕەنگیان جیاوازە؟ ئەمە بۆ روو دەدا؟ درێژیی شەپۆلی هەر یەک لەو چوارگۆشە گەورانەی چوارگۆشە بچووکەکانیان لەسەر دانراوە، جیاوازە و هەندێکیان لەوانی تر گەشترن بۆیە ڕەنگی چوارگۆشە بچووکەکان بە جیاواز دەردەکەون و لە ڕاستیشدا هەمان ڕەنگیان هەیە.

## قۆناخ بە قۆناخ وێنە بکێشە



نەجات عەبدوڵڵا
کەرکووک

## من چیم؟

چالاک وەلی–ئاغجەلەر

مەلێکی ڕەنگینم درێژیم ٣٥ بۆ ٣٧ سانتیمەترە، کێشم ٢٥٠ بۆ ٣٠٠ گرامە چوار تا شەش هێلکەی سپی دەکەم و لە بەهار و لە ماوەی ٢٤ تا ٢٨ ڕۆژدا هەڵیان دێنم، خواردنم مشک و باڵندەی بچووکە و سەرم خڕ و چاوم گەورەیە، هەندێکمان لە دارستانەکان و برێکمان لە کەلاوەکاندا دەژیین، چاو و گوێ تیژین لە فریندا دەنگی باڵمان نایەت.

## وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە

ڕێناس عوسمان – سەنگەسەر

– ئەو شارە کامەیە بەبێ دانیشتووانە؟
– یارییەکە دۆڕاو بۆ پێشەوە، براوە بۆ دواوە دەڕوات!
– مشتێکە و مانگی جارێک لەدایک دەبێت.
– شتێکە بەپێچەوانەی شتەکانی دییەوە کە دەیکوڵێنیت دەیبەستێ.
– دایکی شێنێ سێ منالی هەیە: شا، شێران، ناوی ئەویتریان چییە ؟
– ئەو ژمارە تەلەفۆنە کامەیە، هەر کاتێ پێوەندیی پێوە بکەی وەڵام ناداتەوە ؟
– ئەو شتە چییە پاشاکان سەری بۆ دادەنوێنن ؟

## زانیارییەکانت زیاد بکە

شلێر فەتاح – چوارقوڕنە

– درێژیی دیواری چین ٢٧٠٠ کیلۆمەترە.
– مار بەهۆی زمانیەوە بۆن دەکات.
– گوێچکە هاوسەنگیی جەستە رادەگرێت.
– فێردیناند ماجەلان لە ساڵی ١٥٢١ فلیپینی دۆزییەوە.
– بەرزیی قەڵای هەولێر ١٣١ مەتر و ١١٠٠٠٠ مەتری دووجا ڕووبەرەکەیەتی.
– دڵدار کە خاوەنی سروودی ئەی ڕەقیبە ساڵی ١٩١٧ لەدایک بووە.
– هایدرۆجین سووکترین گازە لە سروشتدا.
– سێ ڕەنگە سەرەکییەکە: سوور و زەرد و شین.

## تەنیا سێگۆشەکان ڕەنگ بکە

دلێر معروف – چەمچەماڵ



## هاوشێوە

تەنیا وێنەیەک هاوشێوەی وێنەی سەرەوەیە

شەیدا شەماڵ – کەرکووک



## ڕێکخستن

شێخۆ شێرزاد – چەمچەماڵ

ئەم پیتانە ناوی یەکێک لە گوندەکانی نزیکی چەمچەماڵە ، بەڵام پیتەکانی پاشوپێش کراوە ، تۆ هەولبدە ئەو گوندە بدۆزیتەوە .

**ی و گ ە ر گ ی**



## گونجاندن

قوباد عەلی – عەربەت

کام لەم وشانە لەگەڵ ئەوانی تر ناگونجێ و بۆچی؟
کۆتر، سوێسکە، کەو، کەڵەشێر، هەڵۆ
ئاسیا، ئەفریقیا، ئوسرالیا، بەلجیکا، ئەوروپا
چەقەڵ، مەیموون، ورچ، ماین، پڵینگ
قامیشلۆ، دیاربەکر، هەولێر، دیمەشق، سنە
سلق، گێزەر، تەماتە، هەڵوژە، شێلم
خورما، هەنجیر، هەنار، قۆخ، هەرمێ
جەواهیری، نالی، مەحوی، حوسێن عارف، کەمال مەزهەر

## بمگەیەنە

سروود سالح – کەرکووک




خاوەنی ئیمتیاز
بەدران ئەحمەد حەبیب
سەرپەرشتیار
عوف عبدالرحمن
سەرنووسیار
حەمە سەعید زەنگنە
٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢
hamatal_ z@yahoo.com
جێگری سەرنووسیار
نەبەز ڕۆستەم
بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەسازی
پەروەر
تایپ
دلێر ڕەفیق
ناونیشان
کەرکووک – شەقامی کۆماری
تەلاری صیدلی فخری


## وەڵامی ژمارەی پێشوو

ل٣

مەتەڵ : کەرکووک .

ل٣٤

شقاتە :تەڵێک لە حەوتەکە هەڵدەگرێ دەیخەیتە سەر لێدەرکردنەکە .

گەیاندن : ١٩٦٧/١١/١٨

ل٣٦

وشەی بزر : شەمشەمەکوێرە

شیکاری : چەوەچەوە

خەڵات : ئەسپ

ل٣٨

بیرکاری : ٣.٢١ ملیۆن کیلۆمەتر


ماتماتیک : ٢٧ و ١٨

# گەیاندن


ئەم هێڵانە بگەیەنە دەزانی بۆ یەکەمین جار و لە جیهاندا لە چ ساڵێکدا

لە شاری ڕۆما یەکەم ڕۆژنامە بڵاو کرایەوە.

هەوری ئەنوەر – ئەڵیی




**١٠ جیاوازی لە نێو ئەم دوو وێنەیەدا هەیە . . . . . دەتوانیت دەستنیشانیان بکەیت ؟**




پروشە جەبار – سلێمانی

## یاریی شقارتە

ڕۆژ دلێر – ئازادی

**جێگۆڕکێ بەیەک تەڵە شقارتە بکە تا ئەنجامی هاوکێشەکە بکاتە نەوەد و دوو .**






# جێگۆڕکێ

**جێگۆڕکێ بە دوو ژمارە بکە تا بە ستوونی و ناسۆیی کۆی ریزەکان بکاتە ٢١**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 6 | 5 | 3 | 2 | 4 | 1 |
| 4 | 2 | 1 | 5 | 3 | 6 |
| 5 | 4 | 6 | 3 | 1 | 2 |
| 1 | 3 | 2 | 4 | 6 | 5 |
| 3 | 1 | 5 | 6 | 2 | 4 |
| 2 | 6 | 4 | 1 | 5 | 3 |

ئەحمەد پەشێو – گوندی عەبدوڵڵا غانم

# هاوبەشی

دلێر – چەمچەماڵ





**لە نێوان ئەم دوو وێنەیەدا پێنج شتی هاوبەش هەیە .**



## سێبەر

**سێبەری ئەم باڵندەیە ونبووە ، دەتوانیت بیدۆزیتەوە ؟**

پۆلا سامی – کەرکووک



## ڕووبارە درێژەکانی جیهان

نڤار نووری–دەربەندیخان

– نیل درێژییەکەی ٦٦٧١ کیلۆمەترە، ئەفریقیای ناوەراست و باکور.
– میسیسیپی ٦١٧٠ کیلۆمەترە، ئەمەریکای باکور.
– ئەمازۆن ٦٠٨٠ کیلۆمەترە، ئەمەریکای باشوور.
– ینیسی ٥٥٠٠ کیلۆمەترە، سیربیا.
– یانگ تسی کیانگ ٥٠٠٠ کیلۆمەترە، چین.
– مکنزی ٤٦٠٠ کیلۆمەترە، کەنەدا.
– میکونگ ٤٥٠٠ کیلۆمەترە هیندی چینی.
– ڤۆلگا ٣٤٠٠ کیلۆمەترە، ڕووسیا.

# وشەی بزر

داستان محەمەد –ئازادی

دوای ئـەوەی بە هێڵێکی ڕاسـت ئەم نێوانـەی لای خـوارەوە دەسـڕیتەوە، ناوێـکت بـۆ دەمێنێتــەوە لە شـەش پیتان پێکهاتووە و ناوی شارۆچکەیەکە لە کوردستانی تورکیا.

بادینان، باخـەوان، بەروار، بروسـک، باز، بابان، باپیر، باوان، بوار، بەڵێن، بڵند، باهۆز، بڕوا، بڕیار، باوەر

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب | ز | ا | ب | ن | ا | ب | ا | ب |
| ا | ب | ل | ب | ر | ی | پ | ا | ب |
| خ | ه | ك | ڕ | ن | ا | و | ا | ب |
| ه | ر | س | ی | ب | ز | ب | ن | ب |
| و | و | و | ا | ڕ | ۆ | ڵ | ێ | و |
| ا | ا | ر | ر | و | ه | ن | ڵ | ا |
| ن | ر | ب | ه | ا | ا | د | ه | ر |
| ر | ه | و | ا | ب | ب | ی | ب | س |
| د | ب | ن | ا | ن | ی | د | ا | ب |

# کوێرکردنەوە

هێڤین ئەحمەد – کفری

دوای ئەوەی بە هێڵێک پیتەکانی ئەم ڕەنگانە کوێر دەکەیتەوە: (خاکی، شـین، سـپی، ڕەش، سـەوز، زەرد، پرتەقاڵی، کەوەیی) ڕەنگێکـت بۆ دەمێنێتەوە تێکەڵەیەکـە لە ڕەنگی ڕەش و زەرد.

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ش | ی | ك | ر | ه | ه | ا | ی | ڵ | ی | ه | ی |
| س | | پ | و | ه | ه | خ | ر | ا | و | ك | ی |
| ش | ن | پ | ڕ | ه | و | و | ز | د | ت | ق | ی |

# شیکاری

تانیا وەلی– چەمچەماڵ

منداڵە چاو گەشـەکان بۆ ئـەم جارەش ناوی یەکێـک لـە دێهاتـە جوانەکانی کوردسـتان دەخەینە شیکارییەوە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | = | 4 | + | 1 |
| | = | 9 | + | 3 |
| | = | 2 | - | 9 |
| | = | 2 | + | 10 |
| | = | 3 | + | 2 |
| | = | 6 | + | 6 |
| | = | 6 | - | 13 |
| | = | 8 | + | 4 |

| | | |
|---|---|---|
| 12 | = | ه |
| 5 | = | ج |
| 7 | = | و |







ئەو کێیە ؟
خوشکی خاڵتە و پوورت نییە

دوا دەلیڤە ٧/٢٥

# گوتەی نێودارن

عیدان جەلال – بەغدا



- بەختیاریی مرۆڤ ژیانە، ژیانیش ئیشکردنە. — تۆلستۆی
- دەنگی گەل زۆر بەهێزە. — ئەخیلۆس
- هاوڕێیتی لەگەڵ ئافرەتدا، دراوسێی دڵدارییە. — مۆر
- سەربەستی لە هەر جێگەیەکدا بوو، نیشتمانیش لەوێدایە. — رۆسۆ
- برادەری، یەک ڕۆحە لە دوو گیاندا. — ئەرستۆ

# ئەمانە شرۆڤە بکە

سەرخێڵ سەرکەوت – چیمەن

- زاوای خاڵت چیی باوکت دەبێت؟
- دوو ژن پیاوەکانیان برا بن چی بە یەک دەڵێن؟
- خەسووی دایکت چیی تۆ دەبێت؟
- برازای پوورت کێیە؟
- دوو پیاو ژنەکانیان خوشکن چی بە یەک دەڵێن؟
- خوشکی نەنکت واتا دایکی باوکت چیی باوکتە؟
- خوشکی خاڵت چیی تۆیە؟
-

# سودۆکو

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | 2 | | | | |
| 4 | | | | 5 | |
| | | 3 | 6 | 4 | |
| | 1 | 4 | 5 | | |
| | 4 | | | | 2 |
| | | | | 3 | |

شاخەوان سەعید – شۆڕیجە

تۆڕی سۆدۆکۆ پێکهاتووە لە ٣٦ چوارگۆشەی بچووک و ٦ لاکێشەی گەورە. ئەوەی پێویستە لێرە لەسەر تۆ چوارگۆشەکان بەژمارە ( ١-٦) پڕبکەیتەوە بەمەرجێک هیچ ژمارەیەک لە ریزی ئاسۆیی و ستوونیی لاکێشەکاندا دووبارە نەبێتەوە.

## بیرکاری

لە کتێبخانەکەی هێرۆدا ٣ هێندەی ژمارەی کتێبەکانی نارین، کتێب هەیە، کۆی ژمارەی کتێبەکانی هەردووکیان ٦٠ کتێبە، ئایا دەزانی هەریەک لە هێرۆ و نارین چەند کتێبیان هەیە؟

**شیرین حەمەشین – ڕەحیماوە**

## ماتماتیک

**هێشوو قاسم – پردێ**

لەنێو ئۆتۆمبێلێکدا ٧ کچ هەیە، هەر کچێک ٧ جانتای پێیە و، لە هەر جانتایەک ٧ پشیلەی گەورە هەیە، هەر پشیلەیەکی گەورەش ٧ بەچکەی هەیە، چەند قاچ لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا هەیە؟

## تاقیکردنەوەی(٣)

**ناز کەریم-تەکیە**

هەنگاوی یەکەم: دەفرێکی شێوە لاکێشەیی بێنە و پڕی بکە لە ئاو.

هەنگاوی دووەم: پارچەیەک ئاوێنە بە شێوەیەکی لار لە سەرێکی دەفرەکە دانێ.

هەنگاوی سێیەم: تیشکی لایتێکی دەستی ئاراستەی بەشە نقووم بووەکەی ئاوێنەکە بکە.

هەنگاوی چوارەم: پارچە کارتۆنێکی سپی بە دەستەوە بگرە و لە پشت لایتەکەوە بە ئاسپایی بیجولێنە تا وێنەی پەلکە زێرینەیەکی تەواوی لەسەر دەردەکەوێ.

لەم تاقیکردنەوەیە چی فێر دەبین؟

ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کاتێ تیشکی ڕووناکی بە ناو ئاودا تێپەڕ دەبێ، تووشی شکانەوە دەبێ، دیاردەکەش پێی دەگوترێ (شکانەوەی ڕووناکی) ئاشکراشە کە ڕەنگەکان بەگۆشەی جیاواز دەشکێنەوە و لێک جودا دەبنەوە و بە تەنیشت یەکەوە پەلکە زێرینەیەک پێکدێنن و بەهۆی ئاوێنەکەوە دەدرێنەوە و وێنەیان لەسەر کارتۆنەکەدا دەردەکەوێ.









ڤێستینا ئافراسیاو



کانی شێرزاد



سامان ئارام



کۆژان شێرزاد



یەلدا هونەر



کاکۆ دلێر